
# جلی کوردی گوڵدار لەگەڵ ئێکسسواری زیوو




سـەرەڕای ئەو پێشکەوتنە خێرا و جوانەی لە بواری جوانکاری و مۆدە لەسەر جلوبەرگی کـوردی دەکرێ، تاوەکـو ئەمڕۆش مۆدەی جوان و تازە لەسـەر جلی کوردی دەردەکەوێ، هـەر یەکە جۆرە سـتایل و مۆدەیەکی خۆی پێوە دیـارە، وادەکات ببێتە یەکێك لەو جلانەی شانبەشانی مۆدەی جلوبەرگی جیهانی، نمایش و جوانـی خۆی وەدەربخات. لە سـتایلە تازە و جوانەکانی جلی کـوردی، گرنگیدانە بە جۆر و رەنگ و شـێوەی جلە کوردیەکە، ئەمەش لەسەر خواست و بەپێی مۆدە تازەکانەوە دەبێ، یەکێك لە ناسـکترین ئەو مۆدانە، کە بە ستایلێکی تێکەڵ نێـوان رەنگی سـوور و رەش ئامادەکراوە، وادەکات ببێتە یەکێك لە رازاوەترین کراسی کوردی. بەهۆی ئەوەی رەنگی سـوور و رەش، پێوەندییەکی ئەوتۆي هەیە، بە تایبەت لە بواری جلوبەرگەوە، لەو کراسەدا، توانراوە جلی ژێر کراسـەکە لـە رەنگی رەش بێ، هەروەها کراسی سـەرەوە لە رەنگی سوور و بوونی شـێوەی گوڵ لە رەنگی سوور، سەرەنجڕادەکێشی بەرەو کراسـەکە زیاتر، کە وادەکات رەنگە رەشەکە ون بێ، چونکە دیمەنێکی شایسـتە دەبەخشـێ تەنانەت رەنگدانەوەی رەنگە سوورەکە بە تەواوی دەردەکەوێ. کراسـی لەم جۆرە کـە وێنەکەی لە فاشـیۆن ئەربیل وەرگیراوە، پێویسـتی بە ئێکسسوار هەیە، بە تایبەت ئێکسسواری زیوو، چونکە، رەنگی زیوو رەسـاسـی دەبێ و خۆی لەگەڵ رەنگە سوور و رەشەکە تێکەڵ دەکات و رەنگێکی جیاواز دەبێ.

# تەسریحەی هاوین بۆ قژی خانمانی بووک


لە ژمارەی پێشـوودا باسمان لە کراسـەکانی خانمانی بووك کرد بۆ وەرزی هاوین، ئەمجارەیان شێوە تازەکانی تەسریحەی خانمان بۆ ئەو وەرزە هەڵدەبژێرین و لەگەڵ مۆدە و تەسـریحەکانی پێشـوودا بەراوردیان دەکەین، لە وەرزەکانی پێشوودا بە تایبەتي بەهار و زستان، تەسریحەی خانمانی بووك، شێوەیەکی خاو و کراوەی پێوە دیار بوو، بەڵام لەگەڵ ئەو وەرزە دەبێ جیاکاری بکەین لەنێوان مۆدەی تەسـریحەی وەرزەکان، لە وەرزی هاویـن، کاتێك خانمێك لە رۆژی بووکێنیدا دەبێ، بێگومان کەشـێکی گەرم و نالەبار دەبێ، بۆیە پێویستی بە جۆرە تەسـریحەیەکە کە شیاو بێ لەگەڵ مۆدەی ئەو وەرزە، هەروەها سوودی هەبێ لەو کاتەی لەو کەشـە گەرمەدا دەبێ، زیاتریش مەبەست لەوەدایە کە تەسریحەکە تێکەنەچێ و بە جوانی خۆی بمێنێتەوە، دەتوانین لەو لایەنەوە ئەو جۆرە تەسریحانەوە هەڵبژێرین، کە قژ بە شێوەیەك ببەسترێ، یان تەسریحەی بۆ بکرێ کە توند بێ و تاوەکو تێکەنەچێ، بەڵام لە رواڵەتدا یان دیمەنی خاو بێ، ئەمەش بە گوێرەی قژەکە دەوەستێ، چونکە قژی خاو و قژی بەهێز جیاوازی هەیە لە نێوانیان، بەڵام کە توانیمان یەکێك لەو جۆرە تەسـریحانە بەکاربهێنین، دەتوانین یەکێك لە گەورەترین مۆدەکانی تەسریحەی هاوین بۆ قژی خانمانی بووك دەستەبەر بکەین، سەبارەت بە رەنگی قژ، زیاتر هەوڵدەدرێ رەنگی زەرد یان زەردی کاڵ، کە بە مێش و نیگرۆ ناسـراوە، مۆدەیەکی سەرەکی بێ بۆ خانمانی بووك لەو وەرزە.







# چۆنیەتی تۆخ و پڕ کردنی برۆ !




شـێوازی برۆ، یەکێکە لەو لایەنانەی کە دەبێتە هۆی دەرخسـتنی رووخسار بە جوانترین شێوەوە دیمەنی خۆی دەپارێزێ و دەتوانێ لەگەڵ بەشـەکانی دیکەی رووخسار، هاوسـەنگی جوانی گشتی رووخسار دەربکەوێنێت و لەم رێگەیەوەش، جوانی برۆ بەرەو ئاڕاستەیەکی دیاری کراو لە رەنگ و شێوەی برۆوە دەبێ. سەرەڕای بوونی مۆدەکانی برۆ بە چەندین جۆرەوە، کە ئەوانەن : برۆی (ئەسـتوور — پڕ — کەوان-باریك-شێوەی ژمارە هەشت-تاتۆ-هێڵی شکاو) کە هەر یەکە مۆدەیەکە بـۆ خۆی و لەگەڵ جوانی خۆیەوە هەنـگاو دەنێ، بەڵام گرنگترین لایـەن ئەوەیە کە چـۆن بتوانین برۆ لـە دوورەوە دەربکەوێ، چونکە هەندێکجار کە برۆ باریك دەبێ، دەرناکەوێ و جوانیەکەشی ون دەبێ، بۆ ئەو لایەنەش چارەسـەر هەیە کـە دەتوانین برۆ بە پڕی و جوانی دیاربێ ئینجا لە نزیك یان لە دوورەوە. لە چەندین لایەنەوە دەتوانیـن ئەو کارە ئەنجام بدەیـن، لەوانە : رەش کردنی برۆ بـە قەڵەمی رەش کردن، یان بـە فڵچەی ماکیاژ، بە رەنگێکی رەشـی سادە لەسـەر برۆ دەدرێ، ئەمەش دەبێ بە رێژەیەکی کەم بێ، چونکە ئەگەر بەشـێکی زۆر لە بۆیەی رەشـمان بەکارهێنا،لەگەڵ گەرمی و ئەرەقەکردنەوە دەکەوێتە خوارەوە، لە وێنەکاندا جیاوازی نێـوان پێـش ئەنجامدانی هەنگاوەکـەوە و دواتریش ئەنجامەکـەی دیارە، کـە دیمەنێکی جـوان و بە هەنگاوێکی سادەوە دەستت دەکەوێ.

# چەند خاڵێک بۆ پاراستنی پێستی دەست

**ئامادەکردنی : ساریە پشدەری**

خانمان دەتوانن سوودێکی گەورە وەربگرن، بەرهەم و ئەو کارانەی کە پێستیان دەپارێزی و دەتوانن لە ڕێگەیەوە، ببن بە خاوەن پێستێکی نەرم و ناسك، بۆیە دەبێ پێست پارێزراو بێ، لە کاتێکدا هەندێك لە خانمان لە تەمەنێکی بچووکەوە دەستی تووشی لۆچ دەبێتەوە، یان کەسانێکتان بینیوە کە دەستەکانیان پیرتر نیشان دەدات لەچاو ڕووخساریان. چرچی و لۆچی، وشکی و ڕەشی لە نیشانەکانی پیری پێستی دەستن. بەڵام دەتواندرێت بە بەکارهێنانی هەندێ خاڵ و ڕێنمایی جوانکاری



و پزیشکی ئەو نیشانانە بەدوابخرێت. لەبەر ئەوەی پێستی دەست زۆرتر ڕووبەرووی وشك بوون دەبێتەوە، واباشە بەشێوەیەکی بەردەوام کرێمی نەرم کەرەوەی پێست بەکار بهێنن. بە تایبەت پاش دەست شۆرین، لە لایەکی تر شێلانی دەست دەبێتە هۆی بەخشینی ئارامی، لە ناو بردنی ماندوویی کار و زیادکردنی هاتووچۆی خوێن، لە زۆربەی وڵاتان ئەم کارە وەك پیشەیەکی پزیشکی کاری پێ دەکرێت. هەڵبەت وا باشترە لەکاتی شێلان کرێمی نەرم کەرەوە بە کار بهێنرێت، هەروەها بۆپاراستنی جوانی نینۆکەکان واباشە بەردەوام دەوروبەری نینۆکەکان پاك رابگیرێت و بە (بڕەڕ) کە ئامێرکە نینۆك ڕێکدەخات ڕێك بکرێن. لە یادتان نەچێت لە شوێنی پیس و وشکەوە بۆ پاراستنی پێستی دەستان دەستەوانەی خوری و گونجاو بەکار بهێنن. ئەگەر سەلامەتی و جوانی دەست لەلای ئێوە گرنگە،ئەم ڕێنمایە جێبەجێ بکەن شەوانە پاش بەکارهێنانی کرێمی نەرمکەرەوە دەستەوانەیەکی کەتان لەدەست بکەن، بەمەش ئەنجامێکی باشی دەبێ.



# تایبەتمەندی ڕەنـــــــگ بۆ جلوبەرگ

کاتێك کار لەسەر گۆڕانکاری و تازە دانانی دیزاینی جلوبەرگ دەکرێ، پێویستی بە چەندین بیرۆکە و کاری تازەوە دەبێ، ئەمەش وادەکات کە هەر یەکە لەو هەنگاوانە دەبێتە ڕێگەیەك بۆ دانانی ستایلێکی ڕازاوە لە جلوبەرگدا، بە تایبەت ئەو جلانەی کە مۆدەیەکی باویان هەیە و ناکرێ گۆڕانکاری لەسەر شێوەی بکرێ، تەنیا دەتوانین لە ڕووی ڕەنگەوە گۆڕانکاری بکەین و چونکە ڕەنگ کاریگەریەکی تەواوی هەیە لەسەر جلوبەرگدا. وەك ئەو ڕیتمە کلاسیکەی کە لە پێشوودا دانراوە، لەوەی ڕەنگەکان بەسەر وەرزەکانی ساڵەوە دانرابێ بۆ جلوبەرگ، کە ئەوەش مەرجێکی سەرەکیە بۆ ڕەنگی جلوبەرگ، بۆ نموونە : ناکرێ ڕەنگی سوور لە وەرزی زستاندا بۆ کراسەکان دابنرێ، دەکرێ بەڵام دیمەنەکەی شایستە نابێ، هەروەها ڕەنگی ڕەساسی بۆ وەرزی هاوین بێ، چونکە ئەوەیان دەبێتە هەڵەیەکی زەق لە بواری جوانکاریدا. یەکێك لەو ڕەنگە کراوە و دیارانەی کە هەردەم دیمەنی جوانە، بە تایبەت لەگەڵ کراس دەگونجێ، ڕەنگی (وەنەوشەیی )یە، کاتێك کراس لەو ڕەنگە دەبێ، کاردەکاتە سەر ون کردنی نەخش و ستایلی کراسەکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دیمەنی خۆی لە دەست نادات و بە جوانترین شێوە خۆی دەردەکەوێنێ، لە ڕێگەی ئەو ڕەنگەوە، دەکرێ دەستە جلێکی تایبەت بە کراس لەسەری دابنرێ و لەگەڵ ئەو دیمەنە شایستەی خۆیەوە ڕەنگدانەوەی جوان و زەقی ڕەنگەکە لەسەر کراسەکە دەردەکەوێ.



# کاڵەک (گندۆرە)!

یەکێکــە لەو میوە خــۆش و بە تامەی کە لە ســەرەتای وەرزی هاوینــەوە دەردەکەوێ، دوو جــۆری هەیە: (دێمی و ئاوی)، ســەبارەت بە دێمی، لە کۆتایی وەرزی بەهار دەچێنرێت و بە ئاوی بارانەوە گەورە دەبێ و پاشان پێویستی بە ئاو نییە، چۆنیەتی چاندنی بە ئامێری تەرەکتەر دەکێڵدرێت و بە دەست تۆوی گندۆرە یان کاڵەك وشــك دەکرێتەوە و پاشــان دەچێنرێت، بەهۆی کەمی باران لە کوردســتان جۆری دێمی کەمی کــردووە، زیاتر لە ناوچەکانی بارانی لێوە بباریێ لەو شوێنە دەچێندرێت، لە بارەی کاڵەکی جۆری ئاوی، بەم شێوەیە دەچێنرێت : سەرەتا زەوییەکە خەت خــەت دەکــرێ و پێیدەگوترێ (گۆڵ)، دواتر تۆوی کاڵەکەکە دەچێندرێ و بە ئاوی ژێر زەوی ئاو دەدرێ، لە مانگی جۆزەردانەوە پەیدا دەبێ، هەروەها دەکرێ لە وەرزی پاییزیش گندۆرە پێبگات، تامەکانی کاڵەك یان گندۆرە : شــیرین و ترش و مزرە، بــە داری کاڵەك یان گنــدۆرە دەگوتــرێ (بڕك) بەهۆی ئەوەی لەسەر زەوییەوە دەڕوێت و بەرز نابێتەوە، کاڵەك





یان گندۆرە لە کوردســتان زیاتــر لەو ناوچانە دەچێنرێ کە راستایی و باران دەیگرێتەوە، یەکێك لەو کاڵەکە یان ئەو گندۆرە بەناوبانگانەی هەن، بە گندۆرەی دێمی یان دێمەکاری ناســراوە، کە دێمەکار گوندێکە دەکەوێتە نێوان شاری هەولێر و شــارۆچکەی مەخموور. کاڵــەك میوەیەکی بەسوودە و چەندین ڤیتامینی بەهێزی تێدا بەدی دەکرێ، تەنانەت خواردنێکی ســووکە لەســەر گــەدە بۆ هەرس کردن، هەروەها دەکرێ گندۆرە بکرێ بە شــەربەت، کە پێیدەگوترێ (شەربەتی گنــدۆرە)، ئەویش یەکێکە لە هەرە خۆشــترین شەربەتەکانی میوە و سەوزە.




# یەکەمین چاپخانە لە کوردستان

بــواری رۆژنامە و چاپەمەنی کــوردی، یەکێکە لەو بوارە پێشــکەوتووانەی کە ساڵانێکی زۆرە لە کوردستان دەســتی پێکردووە، تەنانەت شۆڕشێکی بەخۆوە بینیوە، هەر لە سەرەتای دەرچوونی یەکەمین رۆژنامەی کوردی دایك، دواتریش لە پەرەسەندنی ئەو بوارەوە ئەمەش وای کرد کە یەکەمین چاپخانە لە شاری هەولێر لە ساڵی (١٩٢٥) دابنرێ.

دانانی ئەو چاپخانەیە لەلایەن دانەر و رووناکبیری کورد (حوسێن حوزنی موکریانی) بوو کە لە ساڵی (١٨٩٣) لە دایك بووە لە شــاری مەهابادی ئێران، زیاتر دەڵێن بە (حوســێن داماو) ناسراو بووە، دوای ئەوەی لە ســاڵی (١٩١٥) موکریانی چاپخانەیەك لە وڵاتــی ئەڵمانیــا دەکڕێ و دواتــر پیتەکانی (پ-چ-گ-ڤ) لەســەر چاپخانەکەدا دادەنێ، تاوەکو زمانــی کوردی بە رێنووســی تەواوە کار بکات، لەسەرەتادا لە ساڵی (١٩٢٥) چاپخانەکەی هێنایــە رەواندوز لەوێ گۆڤارێکی چاپ و دەرکرد بە ناوی (زاری کرمانجی) بۆ ماوەی ســاڵێك، دواتر چاپخانەکەی هێنایە ژێر دیواری قەڵای هەولێر، کە ئێستا دەکەوێتە نزیك پارێزگای ئێستای هەولێر، ئەو شــوێنە دوای ئەوەی دەکرێ بە چاپخانە و چەندین رۆژنامەو گۆڤار و بڵاوکــراوە لەو چاپخانەیە چاپ دەکــرا، بوو بە مەڵبەندێکی رۆشــنبیری و فیکری، زۆربەی نووســەرانی گشــت شــارەکانی کوردستان ســەردانی ئەو شــوێنەیان دەکرد، تەنانەت لەبەردەم دەرگای چاپخانەکــە، کتێبخانەیــەك هەبوو، لەوێوە کتێب و بڵاوکراوەکان دەبینران و بڵاو دەکرانەوە، دوای کۆچی دوایی حوســێن حوزنی موکریان لە ســاڵی (١٩٤٧) کــە بە نەخۆشــی ماڵئاوایی لە ژیان کرد، دواتر لەلایەن (گیوی موکریانی) برای، سەرپەرشتی چاپخانەکەی کرد، ئێســتا لە شوێنی ئەو چاپخانەیە کە نەمــاوە، پەیکەرێکی (گیوی موکریانی) لە ژێر دیواری قەڵای هەولێر و لە شوێنی چاپخانە کۆنەکە دانراوە.

# فێڵە سەیرەکانی سەرۆکی جەزائیر و فەڕنسا



سەرۆك و کەسایەتیە سیاسیەکانی جیهان، ئەوانیش حاڵەتی ســەیر و ســەمەرە لە ژیانیاندا هەیەو کە هەر یەکە بەشێکی ژیانی بۆتە جێگەی گاڵتەجاری، یەکێك لەو حاڵەتە ســەیرانەش، بریتییە لە ســەرۆکی وڵاتی جەزائیر و پێشــووی فەڕنســا کە هەردووانیان باڵایان کورتە و لە باڵای خۆیان رازی نین، بۆیە پەنا دەبەن بۆ فێڵ و کاری ســەیر تاوەکو شێوەیان وا نیشان بدات کە باڵایان بەرزە، لە یەکێك لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی وڵاتی جەزائیر، (عەبدولعەزیز بۆتەفلیقە)ی سەرۆکی ئەو وڵاتە لەگەڵ چەند ئەفسەر و کەسایەتی سەربازی پایەبەرز وەســتاوە، کە ئەوان باڵایان لە سەرۆك بەرزترە، بۆیە بۆ ئەو شتێکیان لە ژێر قاچی داناوە تاوەکو باڵای بەرز نیشــان بدات و دیار بکەوێ، بەڵام لەوە ســەیرتر ئەوەیە، کە (نیکۆلا ســارکۆزی) ســەرۆکی پێشووی فەڕنسا، لە گشت شــوێنێك ئەو تەختە دارەی لەگەڵ خۆی دەبرد تاوەکو لەســەری بوەســتێ و باڵای بەرز نیشان بدات.




# نمایشی جلوبەرگ لە کوردستان

کوردستان لە گشت لایەنەکانی ژیانەوە پێشکەوتنێکی تەواو بەخۆوە دەبینێ، شانبەشانی وڵاتانی جیهان لە کاری جوان و پێشبڕکێدا دەبێت بۆ پێشخستن و کاری تازەی جوان هەنگاو دەنێ، یەکێك لەو بوارە جیهانی و گرنگانەی ئەمڕۆ لە جیهاندا ئەنجام دەدرێ، بریتییە لە نمایشی جلوبەرگ، کە بوارێکی گرنگە و تەنانەت شاری (میلانۆ)ی ئیتاڵیا تەنیا بەو بوارە ناسراوە، ئەگەرچی بۆ ئێمە درەنگە، بەڵام لە کوردستان و لە شاری هەولێر یەکەمین نمایشی جلوبەرگی منداڵان کرایەوە، ئەمەش سەرەتایەکە بۆ دەرکەوتنی بواری نمایشکاریی لە کوردستان، ئەو نمایشە لەلایەن کچە دیزاینەری کورد (هێلدا خۆرانی) کاری دیزاینی جلوبەرگانی بۆ کراوە، ئەمەش دەبێتە یەکێك لە سەرەتای نمایشکاری جلوبەرگ لەسەر ئاستی کوردستان و عێراقدا، وا بڕیارە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا نمایشێکی جلوبەرگ بۆ خانمان بکرێتەوە ئەویش هەر لە کوردستان ئەنجام دەدرێ و دەبێتە یەکەمین نمایشی جلوبەرگ لە کوردستان و عێراق، ئەو نمایشە بە بەشداری چەندین منداڵی چاوگەش بەڕێوە چوو، کە هەر یەکە ستایلێکی جلوبەرگی پۆشیبوو، لە داهاتووشدا نمایشێکی جلی کوردی بۆ خانمان لە ئارادایە کە بکرێتەوە، ئەمەش دەبێتە یەکێك لە تازەترین کاری نمایشکاری و جلوبەرگ.

# تەسریحەیەکی قژ لە قووتوو !



لە ئاهەنگێکی تایبەتدا کە لە شاری ئونتاریۆ لە کەنەدا، لەو ئاهەنگەدا سەیرترین و جوانترین تەسریحەی قژی ئەو خانمانە هەڵبژێدرا کە ئامادەی ئاهەنگەکە بوون، یەکێك لەو میوانانەی کە بەشدار بووی ئاهەنگەکە بوو، هیچ تەسریحەیەکی نەکردوو کاتێك بەو کارەی زانی، بەرەو باری مەی خواردنەوە چوو و داوای لە ساقی کرد کە کۆمەڵێك قوتووی مەی و بیبسی خواردنەوەی پێبدات، ئەویش کۆمەڵێك قوتووی پێدا، ئەو خانمەش هەڵسا بە دانانی تەسریحەیەکی قژی سەیرەوە، کە بە قووتووەکانەوە بەستوویەتی، واتە لە جیاتی بەکارهێنانی تۆقەو ئێکسسواری قژەوە، کۆمەڵێك قووتووی بەکارهێنا، ئەوەی سەیرە لە هەڵبژاردنی جوانترین تەسریحە و مۆدەی قژ، ئەو کچە سەر قووتووە بە یەکەم دەرچوو و خەڵاتی ئاهەنگەکەی کە (٢٥٠) هەزار دۆلار بوو پێشکەشی کرا.

# سەیرترین شاجوان

سالآنە لە هەر وڵاتێکی جیهان، پێشبڕکێی شاجوانی خانمان ئەنجام دەدرێ، تاوەکو ئەو کەسە لە وڵاتەکەی پاڵێوراو بێ بۆ پێشبڕکێی شاجوانانی جیهان و گەردوون، لە وڵاتی کەنەدا پێشبڕکێی شاجوانی ئەو وڵاتە دەستی پێکرد، ئەوەی سەیر بێ لەو پێشبڕکێیە خانمێکی وڵاتی ئێران، توانی نازناوەکە وەربگرێ، واتە کچێکی ئێرانی دەبێتە شاجوانی وڵاتی کەنەدا، لە شاری تۆرینتۆی کەنەدی، لە ئاهەنگێکی تایبەت و گەورەدا، خانمە کچی ئێرانی (بنیاز)، کە لە وڵاتی ئێران لە دایك بووە و دوای ئەوەی بەرەو وڵاتی کەنەدا گەشت دەکات و لەوێ دەژی و دەبێتە خاوەن رەگەزنامەی کەنەدی، بۆیە ئەویش بەشداری لەو پێشبڕکێیە دەکات و بە جوانترین کچی ئەو وڵاتە هەڵبژێردرا، بووە شاجوانی وڵاتی کەنەدا. لەوەش سەیرتر، هەر شاجوانێك دەبێ جێگرەوەیەکی هەبێ، ئەو جێگرەوەش کچێکی ئوردنی و خاوەن رەگەزنامەی کەنەدی بە ناوی (مەجد)ەوە، کە هیچ پێشکەشکارێکی کەنەدی نەیانتوانی نازناوەکە بە دەست بهێنن، ئەمەش وەك ئامادەکاری بۆ شاجوانی جیهان و گەردوون کە لە مانگی ١١ی ئەوساڵ .ئەنجام دەدرێت






## وێنە و بیرکردنەوە

- لـــەم وێنەیـــەدا، ئافـــرەت و پیاوێـــك وەستاون بۆ وێنە گرتن، هەروەها منداڵێك لە وێنەکەدا ســەیری کامێـــرا دەکات و دەرکەوتووە، هەوڵبدە بیدۆزەرەوە !





## کۆتایی فیلمە کارتۆنیەکان


لە نێو فیلمە کارتۆنییەکانی جیهاندا، کە زۆرترین بینــەری هەیەو بێگومان زۆربەی ئەوانەی ئێســتا گەورەن، ســەیریان کردووە، کە ئەو فیلمە کارتۆنیانە بریتییە لە پێشــبڕکێ و شــەڕ و ڕاوەدوونان لەلایەن دوو لایەنی کەسایەتی سەرەکی ناو فیلمەکان، دوای چەندین ساڵ بەرهەم هێنانی ئەو فیلمە کارتۆنیانە، بێگومان دەبــێ ڕۆژێك بێت کە کۆتایی بێت، بەڵام ئەو کۆتاییانەش جێگــەی دڵگرانی بینەران دەبێ، ئەوەتا لە هەر چوار فیلمی کارتۆنی مشك و پشیلە (تۆم و جێری) – کەروێشك و قازەقۆز (بۆگز بەنی و دەك) – ڕێوی و باڵندە خێراکە- پشیلە و جووجەڵە زەرد)، کە گشــتیان کۆتاییان پێهێنا بە سەرکەوتنی تۆم و قازەقۆز و ڕێوی و پشــیلە)، کە ئەوەش بووە جێگەی نیگەرانی منداڵان و بینەرە گەورەکانیش.

## کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩




ئەمــڕۆ ئەســتێرەکان هاوکاریــت دەکــەن و بارودۆخــی ژیانت ئارام دەبێتــەوە، هەرو ها کاروبارەکانت بەڕێکــی بەڕێوە دەچن، لەوانەیە مژدەیەکی خۆشــت پێ بگات، خۆشترین ڕۆژت ڕۆژی شەممەیە.

## گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠




ئەمرۆ زۆر ئاگاداری خۆتبەو کۆنترۆڵی باری دەروونیشت بەشــیوەیەکی باش بکە، هەروەها بەدیبلۆماسیانە مامەڵە لەگەڵ دەوروبەرەکت بکە، خۆشــترین ڕۆژی هەفتەت ڕۆژی شەمیەیە.

## دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠



بــە ئەمڕۆ لەبــواری ئیشــوکاردا بەخت یاوەرتــە، هەروەهــا پەیوەندیــت لەگەڵ ئەندامانــی خێزانەکەت و هاوڕێکانت زۆر باش دەبێت و هەســت بەخۆشی و شادی دەکەیت، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت ڕۆژی هەینیە.

## قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢



ڕەنگە ئەمڕۆ هەندێك کێشەو ئاژاوە بەرەو ڕووت دەبێتەوە. بۆیە پێویستە خۆڕاگربیت وخۆشت لەگرفت و کێشەی خەڵکانی دیکە هەڵنەقورتێنی، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت چوارشەمەیە.

## شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢



وا باشترە ئەمڕۆ بیر لەجێبەجێکردنی پــڕۆژەکان نەکەیتــەوە، بەڵکو لەبڕی ئەمە هەوڵی پیوەندیکردن لەگەڵ دۆستەکەت بدەو مێشکی خۆت کەمێك ساف بکە، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت ڕۆژی سێشەممەیە.

## گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢



لەوانەیــە ئەمــڕۆ نەگەیتــە هیــچ چارەســەرییەك بــۆ گیروگرفتەکەت، بەڵام گوێگرتن لەئامۆژگاری ئەوانەی لەبورجی تەرازوون کەڵکی هەیە بۆت و قازانج دەکەیت، خۆشــترین ڕۆژی هەفتەت ڕۆژی چوارشەممەیە.

## یاری پیت ڕیزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی بۆ ئەوەی ناوی چیا و یانەیەکی وەرزشــی کوردستانت بۆت دەربچێ .

ا ر ر ا ت ئ ا

وەڵامی ژمارەی پێشوو ( عەنکاوە)

## بۆ زاخــاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (گندۆرە) بوو



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

☐ ☐ ☐ ☐ ☐

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:


**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٤+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (میهرەجانێکی سینەماییە لە فەرەنسا پێشکەش دەکرێ)
- پیتی خانەکانی (٣+٤+١) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی کۆ)
- پیتی خانەکانی (٣+٢+٥) کۆبکەیتەوە بە مانای (هەزار کیلۆ یەکسانە بە چی !)
- پیتی خانەکانی (٣+٢+١)کۆ بکەیتەوە بە مانای (هاوشێوەی وشەی لە تەنیشت)



**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

ئەمـــڕۆ کەمێـــك وەرس دەبیـــت، لەوانەیە لەبەڵێنێکیشـــت پەشـــیمان بیتـــەوە کەبەخۆشەویســـتەکەت داوە، بۆیە هەســـت بەئارامـــی ویژدانت ناکەیت، خۆشـــترین ڕۆژی هەفتەت ڕۆژی شەممەیە.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

ئەمڕۆ ئاگادری خۆتبەو لەڕووبەڕووبوونەوە خۆت بە دوور بگرە، ڕەنگە لەبواری سۆزدارییەوە بەخۆتدا بچیتەوەو چەنـــد بڕیارێکی گرنگ لەم بوارەدا بدەیت، خۆشـــترین ڕۆژی هەفتەت سێشەممەیە.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

لەوانەیە ئەمڕۆ کارێکی چاك بکەیت و تێیدا ســـەرکەتوو بیت، یان گوێبیستی هەواڵێکی دڵخۆشـــکەر دەبیت و ڕەنگە دەستکەوتێکی ماددی باشیشت بەدەست بگات، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت پێنج شەممەیە.




**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

بەهۆی کاریگەری ئەستێرەکانەوە کەمێك دوو دڵـــی و دڵەڕاوکێ باڵی بەســـەرتدا دەکێشێ، بۆیە کەمێك ئارام بەو، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت یەك شەممەیە.




**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

لەئەمڕۆوە لەبواری کارەوە پێشبینی هەندێك گۆڕانـــکاری بکە، لەلایەنی سۆزداریشەوە پێشکەوتنی باش بەدی دەکرێت و تا ڕادەیەکی باش دڵخۆش دەبیت، خۆشترین ڕۆژ هەفتەت ڕۆژی چوارشەممەیە.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

ئامـــۆژگاری ئەوانـــەی لەبورجـــی تەرازوون کەڵکی هەیە بۆت تا ڕادەیەکی باش دڵخۆش دەبیت، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت سێ شەممەیە.



## نوکتە

- بە یەکێک ئەڵێن بۆ ئەوەندە ترسنۆکی لە ژنەکەت دەترسی،
ئەو ڕۆژە بە چـــاوی خۆمان بینیمان کـــە ژنەکەت یەک لەســـەر یەک تاکە نەعلی تێئەگرتیت، تۆش هیچت نەکرد..
ئەویش ئەڵێ: جا توخوا سەیرتان کرد نەمهێشت یەک دانەم بەرکەوێ !!

ئا: سارییە پشدەری

| ١٢ | ١١ | ١٠ | ٩ | ٨ | ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ■ | | | | | | | | | | ١ |
| | | | | | | | ■ | | | | | ٢ |
| | | ■ | | | ■ | ■ | | | | ■ | | ٣ |
| | | | | ■ | | | | | | ■ | | ٤ |
| | | ■ | | | | | ■ | ■ | | | | ٥ |
| | | | | | ■ | | ■ | | | | | ٦ |
| | | | | ■ | | | | ■ | ■ | | ■ | ٧ |
| | | | | ■ | | | | | ■ | | | ٨ |
| ■ | | | ■ | | | ■ | | | | | | ٩ |
| | ■ | ■ | | | ■ | | | | | | | ١٠ |
| | | | | ■ | | | | | | ■ | | ١١ |
| | | | | ■ | | | | | | | | ١٢ |

### ئاســـۆیی:

١- ژنە چالاكوانێكی كوردە-وسبە بە بادینی (پ)
٢- داپیرە(پ)_ پیتێك + ناوێكی كچانەیە(پ)
٣- یەك بە توركی (پ)- وەكو یەكە _بێ دەنگ
٤- ڕاگەیاندن _پلەیەكی ئەفسەریە (ت)
٥- خاك( ت)-دەدرێت بەسەر بووك (ت)-كۆن(پ)
٦- بەتەلەفۆن دەكرێت -دلی قورئان (پ)
٧- بەشێكە لەدەست -گۆرانی بێژێكە (پ)
٨- سەگ (پ) -پێداویستیەكی ماڵە -مناڵی تازە لەدایك بوون
٩- گۆزنە پایتەختیەتی - نهێنی (پ) -وەكویەكە
١٠- ناوچەیەكە - ڕێگە (پ)
١١- كەناری ئالتون -وولاتێكە (پ)
١٢- شاری دووجار شەهید - خۆزگە

### ســـتوونی:

١- ناوچەیەكە سەربە كەركووكە -دوگمە (پ)
٢- شەنی سەربراو - وولاتێكە
٣- جەنگیكی كۆنە - ڕووناكەرەوەیەكە + پیتێك
٤- ڕەنگێكە (ت) -بۆ مردوو دەكرێت
٥- ورچ بە عەرەبی (پ) - لە قەنناڵی بیدۆزەرەوە
٦- بووی - میوەیەكە (پ) خۆشەویستی مەم (پ)
٧- پـــرس (پ) -وەكویەكـــە - پێوەرێكـــە (پ) - دوو پیت لە كێل
٨- دەخورێت -نەخێر (پ) -ژمارەیەكە
٩- خەلك بۆی دەچێـــت (پ) - گوێدرێژ هەلیدەگرێت (پ)
١٠- پێچەوانەی گەرم (ت) - نەخت -
١١- گۆرانی بێژیكی بیانیە + پیتێك - توخمێكە
١٢- دەستە خوشكی هەڵەبجە - ورد بوو

## پەندی ناوداران

**- گاندی بەرەو داهاتوو دەڵێ :**

هەندێجار دەبێ هەنگاوێک بێیتە دواوە، بۆ ئەوەی بتوانیت بازێکی گەورە بدەی بۆ پێشەوە .



**- - ڤۆڵتێر لە بارەی عیشق دەڵێ :**

عەشق بەهێزترین لەشکرە لە بەرئەوەی لە یەک ساتدا پەلاماری دڵ و مێشک و جەستەش ئەدات.

